# ئاوێزانم کە


نووسینی *سارا عومەر* ، دانمارک

ڕێکەوتی 2006/5/12

Xozga86@hotmail.com


لە قورئانی یادەکانتا ئاوێزانم کە  
بە تەنها ئایەتێک  
پیرۆزم کە و  
بمنووسەوە  
خۆ من کچی نێردراوێک نیم  
لەگەڵ ڕۆحیانەتەکەم  
چمکی بەرماڵەکەت بگرم و  
لە بەرپێتا کڕنوشت بۆ بەرم  
خۆ هەرگیزیش نابمە ژنە پێغەمبەرێک  
لە قاپی خودادا  
ناڵە ناڵ  
بۆت بپاڕێمەوە  
چاوەڕوانیش نەبێت  
دەروێش ئاسا  
لە تەکی باخچەکەتدا  
زکری عەشقت بۆ بکەم  
تا خوا لێت خۆش بێت  
تۆ  
کە شێخی بێ ناونیشان بیت و  
منیش  
کچێکی هەست جێماو  
کەی ڕەوایە بۆ یەک ببین  
کەی ڕەوایە .... بۆ یەک ببین  
دەسا ئاوێزانم کە  
تا لەگەڵ تاڵی قاوەکەمدا  
بتکەمە شەکری خۆشەویستی و  
بتنۆشمەوە.... بتنۆشمەوە